# هەڵوێستی ئەهلی سوننەت وجەماعەت لەبارەی خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

سمیه عبد الله (دایکی خالد)

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ موقف أهل السنة والجماعة من الخلفاء الراشدين ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# هەڵوێستی ئەهلی سوننەت وجەماعەت لەبارەی خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە

سوپاس وستایش بۆخوای گەورە ومیهرەبان، درودی نەبڕاوەیش بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی کوڕی عبد الله وئەهل وبەیت و یارویاوەرانی هەتا هەتایە، ئازیزان لەم بابەتەی کە لەبەردەستداندایە بەپشتیوانی خوای گەورە باس لە هەڵویستی ئەهلی سوونەت و جەماعەت دەکەین لەبارەی خەلیفەکانی ڕاشدینەوە، تاوەکو ئاگاداری هەڵوێستی ڕاست ودروستیان بین .

## پێناسەی خەلیفەکانی ڕاشدین :

خەلیفەکانی ڕاشدین بریتین لە : ئەبوبەکری صدیق، وعومەری کوڕی خەتاب کە لەقەبەکەی (الفاروق) ـە، و ذو النورین عثمانی کوڕی عەفان، وە باوکی دووکچەزاکەی پێغەمبەر عەلی کوڕی ئەبوطالب (خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت، هەروەك چۆن ڕازی بوو لێیان) .

## پلەوپایەیان لای ئەهلی سوننەت وجەماعەت :

خەلیفەکانی ڕاشدین باشترین وچاکترینی کەسانی ناو هاوەڵە بەڕێزەکانن، ئەوان خەلیفە ڕاشدینەکانن کە پێغەمبەر بە (المهديون) واتە : هیدایەتدراوەکان ناوی بردوون، وفەرمانی

کردووه کە موسڵمانان شوێن پێیان هەڵگرن ودەستبگرن بە خوو ڕەوشت وکاروکردەوەیانەوە، هەروەك لەسوننەتدا ثابت بووە لەو فەرموودەیەی کە عرباضی کوڕی سارية (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : «أوصيكم بالسمع والطاعة، فإنه من يعش منكم بعدي فسيرى اختلافًا كثيرًا فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل بدعة ضلالة»[ رواه أحمد (٤ / ١٢٩-١٢٧) ، والترمذي (٧ / ٤٣٨) بسند صحيح . ]واتە : وەصیەتتان بۆ دەکەم کە گوێگر وگوێڕایەڵ بن، بێگومان هەرکەس لەئێوە لەپاش من بژی جیاوازی وناکۆکیەکی زۆر دەبینێت، بۆیە وەصیەتتان دەکەم کە دەستبگرن بە سوننەتی من وسوننەتی خەلیفە ڕاشدیە هیدایەتدراوەکانی دوای منەوە، توند دەستیان پێوە بگرن وبەددانەکانتان پێوەیان بئاڵێن، ئامان دووربکەونەوە لەکاروکردەوەی داهێنراوەوە، چونکە بێگومان هەموو بیدعە وداهێنراوێك گومڕایی وسەرلێشێواویە .

## فەزڵی خەلیفەکانی ڕاشدین :

ئەهلی سوننەت وجەماعەت کۆدەنگن لەسەر ئەوەی فەزڵی خەلیفەکانی ڕاشدین بەپێی ئەو ڕیزبەندیەیە کە لەخیلافەتدا دیاریکراوە، یەکەمیان ئەبوبەکرە، پاشان عومەر، وئەمجا عثمان، ودواتر عەلی یە، وە لەفەزڵی هەریەکێکیشیاندا

کۆمەڵە فەرموودەیەك هاتووە، ئێمە لێرەدا بۆ هەریەکێکیان فەرموودەیەك باس دەکەین :

لەفەزڵی ئەبوبەکردا (خوای لێ ڕازی بێت) : بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردووە، کە پێغەمبەرﷺ لەسەر مینبەرەکەی فەرمووی : « لو كنت متخذًا من أهل الأرض خليلا، لاتخذت أبا بكر خليلا لا يبقين في المسجد خوخة إلا سدت إلا خوخة أبي بكر » [صحيح البخاري برقم (٣٦٥٤) ]واتە : ئەگەر بهاتایە کەسێکیم لە ئەهلی سەر زەوی بکردایە بەخەلیل ئەوە ئەبوبەکرم دەکرد بەخەلیل، لەمزگەوتدا هیچ دەرگایەك نەماوە دانەخرێت، دەرگاکەی ئەبوبەکر نەبێت .

(خلة یان خەلیلی) بەرزترین پلەوپایەی خۆشەویستی خودایە بڕیاری داوە بۆ ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلام محمد ﷺ .

وله فەزڵی عومەردا (خوای لێ ڕازی بێت) دیسان بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردووە : أن النبي ﷺ كان يقول: « قد كان في الأمم قبلكم محدَّثون، فإن يكن في أمتي أحد فإن عمر بن الخطاب منهم » [صحيح البخاري برقم (٣٦٨٩) . ومسلم برقم (٢٣٩٨) ]واتە : لە ئوممەتەکانی پێشوودا کەسانێکی خاوەن ئیلهام هەبوون کە

ئیلهامیان بۆهاتووه، ئەگەر لە ئوممەتی منیشدا کەسێکی لەو شێوەیە هەبێت ئەوە عومەری کوڕی خەتاب لەوانە .

ئەوەیشی لەفەزڵی عثماندا هاتووە : ئەو فەرموودە درێژەیە کە عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە وتێیدا هاتووە : « دخل أبو بكر ثم عمر ثم عثمان وعندما رآه الرسول جلس وسوى ثيابه فسألته عائشة فقال: ألا أستحي من رجل تستحي منه الملائكة » [ صحيح مسلم برقم (٢٤٠١) ] واتە : ڕۆژێکیان ئەبوبەکر پاشان عومەر ئەمجا عثمان هاتنە ژوورەوە، کاتێك پێغەمبەر ﷺ عثمانی بینی دانیشت وجلوبەرگەکەی ڕێکوپێك کرد، عائیشە لێی پرسی (کەبۆچی بۆ ئەوان وای نەکرد وبۆ عثمان وایکرد) پێغەمبەر ﷺ لەوەڵامیدا فەرمووی : ئایا من شەرم لەکەسێك نەکەم کە فریشتەکان شەرمی لێدەکەن ؟.

لەفەزڵی عەلی شدا (خوای لێ ڕازی بێت) : بوخاری وموسلیم فەرموودەیەکیان ڕیوایەت کردووە : عن سهل بن سعد ﷺ أن النبي ﷺ قال عشية خيبر: « لأعطين الراية غدًا رجلا يحب الله ورسولَه، ويحبه الله ورسولُه يفتَح الله على يديه... فقال: ادعوا لي عليًّا... فدفع الراية إليه ففتح الله عليه» [ صحيح البخاري برقم (٣٧٠٢) . ومسلم برقم (٢٤٠٥) ] واتە : سەهلی کوڕی سەعد (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی خەیبەرەوە فەرمووی : سبەینێ ئاڵا وڕایە دەدەمە دەستی پیاوێك کە خوا

وپێغەمبەری خوای خۆشدەوێت، وخوا وپێغەمبەرەکەشی ئەویان خۆشدەوێت، ولەسەر دەستی ئەودا خوا فەتحی دەکات بۆمان.... ئەمجا فەرمووی : عەلی م بۆ بانگ بکەن... ئاڵاکەی دایە دەستی و خوای گەورە لەسەر دەستی ئەودا فەتحی خەیبەری کرد بۆ موسڵمانان .

خوای گەورە لەگەڵ ئەم پیاوە ڕاستگۆیانەی ئیسلامدا حەشرمان بکەیت